هێشید بۆئاماژەکردنی هێزی شەعبی ئیدانەی دەکات و بە پێشێلکردنی مەترسیدار بۆ سەر سەروەری عێراق ناوی دەبات



سەرۆک کۆمار سەرخۆشی شەهیدبوونی ژمارەیەک لە جەنگاوەرانی هێزی شەعبی کرد

سەرۆکایەتی کۆمار لەڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی موتەبع کوتووە،بەهاویکردەوە سەرۆک کۆمار د.لەتیف جەمال ڕەشید، سەرخۆشی خۆی ئاراستەی سەرۆکی دەستەی هێزی شەعبی کرد بە شەهیدبوونی ژمارەیەک لە جەنگاوەرانی دەستەی هێزی شەعبی، کە لە ئەنجامی دەستدرێژی بە سەر بارەگاکانیان شەهید بوون.

وتیشی ئێم سەرخۆشییە لەگەڵی پەیوەندیەکی تەلەفۆنییەوە هات کە سەرۆک کۆمار ئەمڕۆ پێنجشەممە، ١٢ی ئاداری ٢٠٢٦، لەگەڵ فالح فەیاز، سەرۆکی دەستەی هێزی شەعبی ئەنجامیدا.

وتیشی سەرۆک کۆمار جەختی لەوە کردەوە کە ئێم دەستدرێژیانە زیان بە سەروەری وڵات دەگەیەنن و دەبنە هۆی تێکدانی ئاسایش و سەقامگیری، ئاماژەی بۆش کرد کە هێزی شەعبی بەشێکی سەرەکییە لە سیستمی ئاسایشی عێراق و ڕێکخراوێکی گەورەی هەبووە لە بەرگریکردن لە نیشتمان و هووبوونەوەی تیرۆر؛ هێرشەها پرسە و سەرخۆشی و هاوخەمی قوڵی خۆی بە کەسوکاری شەهیدانی ئێم هووداوە دڵتەزێنە دەربڕی.

سەرکەمار ئاماژەی بۆ پێویستی یەکخستنی ئیزگە نیشتمانییەکان لەم بارودۆخە هەستیاردا کرد، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر کاری هاوبەش بۆ پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری عێراق و دوورخستنەوەی وڵات لە هەر ململانێیەک کە هەڕەشە لە بەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتمان و هاووڵاتییان بکات.

لای خۆیەوە، فالح فەیاز ستایشی هەوڵەستەکانی سەرکەماری کرد لە پشتگیریکردنی ئاسایش و سەقامگیری وڵات و پاراستنی سەلامەتی هاووڵاتییان، و هەوڵەکانی بەرزیانی بۆ یەکگرتنی و چەسپاندنی ئاشتیی کۆمەڵایەتی بەرز نرخاند.